**کورتە وەڵام/15 بۆ یەکیتی و گۆڕان و بارزانی و حاجییەکانی ئەمساڵ**

**1-بەپێی راپۆرتی رۆژنامەوانیی 2016/12/5ی سەرۆکایەتیی کۆماری ئیراک، هاوپەیمانیتیی مالیکی و گۆڕان و یەکیتی، لەمەسەلەی دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم تێپەریکردووە پەلی هاویشتوە بۆ لەناوبردنی دەسەلاتی بارزانی و جیاکردنەوەی سلیمانی لەکوردستان، یا راستتر بڵێین بۆ هەرەسی هەرێم.**

**وەڵام: بەهیوام ئەم هەواڵە راستنەبێ. جاریکیتر مردنی خۆمان و زەرەری نەتەوەکەمان نەخوازین، پەندیک لەهۆی کەوتنی میرنشینیە کوردیەکان وەرگرین، دیاردەی جاشێتی دوبارەنەکەینەوە، بەگفتی داگیرکەران نەخەلەتێین. سەری ئەم قەوارەیەی هەریمی کوردستان کە بەخوینی هەزاران شەهید هاتە بەر، نەخۆین. ئەگەر کێشە گەورەکە، دەسگرتنی بارزانیە بەکورسییەکەیەوە، با وازیلێبێنێ و خۆی ئەو کورسییە رادەستی کەسێکی سیاسەتکاری جەوامێری بێلایەنی دەسپاک بکا تا هەلبژاردنی ئاییندە، چونکە ئیستە، پینج هیزبەکە، راستتر پینج بەڵاکە، هەرگیز پێکنایەن لەسەر کەسیکیتر بۆ ئەو پۆستە، با دەسپێشخەری لەخۆیەوەبێ پێشئەوەی خومەکە لەمەزیاتر بشێوێ و ئەم هەریمەش بە مەرەی دەولەتی مادو کۆماری کوردستان و هکومەتەکەی مەلیک مەهمودو شۆرشەکەی ئەیلول بچێ.**

**پیلانەکە مەترسیدارە، هەرەسی قەوارەکەی هەریم و مەرگی کوردی بەدوادادێ. دولەتکردنی هەریمی کوردستان، ناپاکییە گەورەکەیەو ئەرکی هەمو تاک و کۆمەلیکی نەتەوەکەمانە بێنە دەنگ و رسوایکەن.**

**2- هەر لەو سەرچاوەیەدا نوسراوە : وەزارەتی تەندروستی 100 ملیار دینار قەرزاری کۆمپانیاکانی دەرمانە!**

**وەڵام: بۆپرکردنەی ئەو قەرزە، لەم قەیرانی داراییەدا، پێشنیارئەکەم ئەمساڵ رێگە بدرێ بە 20 هەزار حاجی و هەر یەکەی 5 ملیۆن دیناریان لێوەرگیرێ کە ئەکاتە 100 ملیار دینار و ئەو پارەیە بدرێتەوە بەقەرزەکەو ئەوەندەیتر دەرمانیان لێوەرگیرێ و بدرێن بە خەستەخانە هکومییەکان بۆئەوەی بدرێن بەنەخۆشی هەژار بەخۆڕایی بەخێری ئەو حاجییانەو دوایی وەزارەتی ئەوقاف یەکی شایەتینامەیەکیان بداتێ کە لەپاداشتی ئەو خێرەیاندا حەجیان بۆنوسراوەو بون بەحاجی. لەڕاستیدا ئەوە لەحەجەکە خێری زیاترە. ئیمامی غەزالی کەیەکێکە لەئیمامە گەورەکانی ئیسلام وتوێتی: پڕکردنی سکی هەژارێک لە حەوت حەج خێرترە، دیارە چاکردنەوەی نەخۆشێکی هەژار خێرەکەی زیاترە.**

**3-راپۆرتی 2017/1/17ی نوسینگەی رۆژنامەوانیی سەرۆک کۆماری ئیراک - ئیران بۆ مالیکی: جارێکیدیکە بیر لەسەرۆکایەتیی حکومەت نەکەیتەوە!.**

**وەڵام: خورپەیەکی جەرگبڕە بۆ ئەو هەڤاڵ(یەکێتی) و مەڤاڵ(گۆڕانخواز)انەی سلێمانی و کەرکوک کە لە2016دا چەنجارێک چونە دەرباری مالیکی!!**